# ناکرێت لە توندوتیژی بێدەنگ بین

**تویژینەوەی شیکاریی نمایشی شانۆگەری (تەقینەوەکان)ی سارا کەین**




**نووسینی:**

**باران**

**(نووسەر و ڕۆژنامەنووس)**




## پوختە

لەم توێژینەوەیەدا لەڕێگای شیکاری نمایشی شانۆگەری (تەقینەوەکان)ی سارا کەینەوە، لە پرسی توندوتیژی و چۆنێتی نواندن و پێشکەشکردنیم کۆڵیوەتەوە. بەم کارە مەبەستم بوو بزانم لە کاری درامیدا دەکرێت چۆن توندوتیژی بخرێتە بەرباس و بە چ جۆرێك کار لەسەر دیاردە کۆمەڵایەتی و کولتورییەکان بکرێت. لە ڕێگای شیکارییەکانمەوە، سەرنجم خستووەتە سەر شوێن و کات و بەرجەستەکردن. پاشان بە چەمکگەلی وەك کردەی نواندن، سیاق/کۆنتێکست، دەسەڵات، ئایدۆلۆژیا و جۆرەکانی توندوتیژی، بەرجەستەکردنی توندوتیژیم لێکداوەتەوە و لە ڕیزبەندی جیاوازدا دامناون. توێژینەوە شیکارییەکە ئەوە پیشاندەدات هەموو جۆرەکانی توندوتیژی تەواو پەیوەستن بە دەسەڵاتداری و بێدەسەڵاتییەوە. بەدەر لە ڕیاڵێتی کارەکە، شوێن و کات و بەرجەستەکردن لە شانۆگەرییەکەدا زۆرجار مەجازی و هێماییین و ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن پەیوەندییە دەسەڵاتییەکان بە قووڵیی لەسەر ئایدۆلۆژیا وەستاون. لەوانە؛ ستەمی سەر ژنان، ڕۆڵی هەست، سێکسوالیتە، ناسیۆنالیزم، چینایەتی، نەژاد، نیشتیمانپەروەری و هتد. شانۆگەرییەکەی (کەین) پڕە لە دیمەنی توندوتیژی و دڕندانە. (تەقینەوەکان) دەکرێت بخرێتە چوارچێوەی کۆمەڵایەتییەوە، هەروەکچۆن دەشچێتە سیاقی دەروونی تاك و پەیوەندی تایبەتی نێوان مرۆڤەکانەوە. شیکارییەکە شتێك لەسەر کولتور دەڵێت کە بەجۆرێك بەرهەمهێنەریی زەبر و ستەمە. نمایشەکە ڕەنگدانەوەی واقیع، بەها، پێوەر و ئاکارە. هەروەها گەواهی نۆرمە هەنووکەییەکان دەدات و بەرەنگاریشیان دەبێتەوە لەڕێگای بەرجەستەکردن و وروژاندنی دۆزەکەوە. هەروەکچۆن دیمەنە تراژیدییەکان بینەر ڕووبەڕووی ئەوە دەکەنەوە لە توندوتیژی ڕابمێنن و ئەو نۆرم و نەریتانە بخەنە ژێر پرسیار کە لەسەریان وەستاوە.



**سارا کەین**

## سەرەتا

دوای ئاشنابوونم بە کارەکانی خانمی بەریتانی (سارا کەین ١٩٧١–١٩٩٩)، دونیا و ژیان و دەقەکانی سەرنجیان ڕاکێشام.

ئەوەی کەین دراماکار و ڕۆژنامەنووسێکی چالاك بووە و لە تەمەنی گەنجیدا بە ٢٨ ساڵی بە شێوەیەکی تراژیدی خۆی کوشتووە و لە دوای خۆی پێنج شانۆگەری بەپێزی بەجێهێشتووە بە ناوەکانی (تەقینەوەکان، ئەڤینی فایدرا، ڕزگاربوو، تینوویتی، سایکۆسی سەعات ٤:٤٦)، کە پاشان لە هەموو جیهاندا پێی ناسراوە، زیاتر سەرسامیان کردم و دوای وەرگێڕانی سەرجەم بەرهەمەکانی، بڕیارمدا وردتر کاریان لەسەر بکەم ...

کەین وەك ڕێچکەشکێن و ناودارترین دراماکاری نەوەدەکان، کە سڵ ناکاتەوە لەوەی پەنجە بخاتە سەر برینەکان، ئەو دیدگایەی گۆڕیوە کە چی ڕێگاپێدراوە بۆ نواندن لەسەر ستەیج [1].

شانۆگەرییەکانی پۆستمۆدێرنن، نەشیاوییەکان دەخەنەڕوو بە دەرککردنی ڕاستی تەواوەوە و زیاتر پرسیار دروستدەکەن لەجیاتی وەڵامدانەوە. دراماکانی شاعیرانەن، تەقینەوەن و لەبارەی توندوتیژی، تەنهایی، دەسەڵات، بیروباوەڕ، ئەڤین و شکستەوە، لە دونیای جیاواز و جیهانی ناوەکی و دەرەکی دەدوێن، [2]

هەروەها کاریگەری و ڕەنگدانەوەی وەحشەتگەرایی جەنگی بۆسنە و هێرسك و ئەو نەخۆشخانە دەروونییەیان پێوەیە کە (کەین) ساڵانی ١٩٩٢–١٩٩٥ وەك ڕۆژنامەنووسی جەنگ کاری تێدا کردووە.

فرەیی و کاریگەری نەرێنی توندوتیژی لەسەر ژیانی تایبەت و کۆمەڵگەی خۆمان وایکرد بیر لە ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیە بکەمەوە و بخوازم لە نزیکەوە لە بابەتی توندوتیژی و چۆنێتی نمایشکردنی بکۆڵمەوە. هەروەها مەبەستمە بەم کارە هانی بێدەنگ نەبوون لە توندوتیژی بدەم و سەرنج بخەمە سەر ئەرکی گرنگی شانۆ لە ئاوێنەدانەوەی پرسە گرفتاوییەکانی ژیان و مرۆڤایەتیدا...

### ئامانج و پرسیار

ئامانجم لەم کارە لێکۆڵینەوەی بابەتی توندوتیژییە، لەگەڵ سەرنجدان لە چۆنێتی نمایشکردنی لەسەر تەختەی شانۆ، مەبەستمە لەرێی ڕووانگەی جیاوازەوە فراوانتر لە جۆرەکانی توندوتیژی و نواندنیان بدوێم لە سیاقی کولتوری و کۆمەڵایەتیدا.

کارەکە لەرێی شیکاری شانۆگەری (تەقینەوەکان)ەوە ئەنجام دەدەم و بەدوای وەڵامی ئەوەدا دەچم کە ئاخۆ توندوتیژی لە شانۆگەرییەکەدا چۆن بەرجەستە دەکرێت و دیمەنە توندوتیژیئامێزەکان، چ ڕووانگەیەکی کۆمەڵایەتی و کولتوری دەخەنە بەرباس؟

### تیۆری

بۆ گفتوگۆکردنی دۆزی توێژینەوەکەم، وەك سەرچاوەی تیۆری، کتێبێکی توێژەری درامی (لوسی نێڤیت)م بەکارهێناوە بە ناوی (شانۆ و توندوتیژی).

نێڤیت زۆر ڕەهەند و ڕووانگەی جیاوازی نمایشی توندوتیژی ڕووندەکاتەوە و لە پۆلێنی جۆرەکانی توندوتیژی، ڕووداوە نواندنییەکان و پەیوەندی نێوان توندوتیژی و دەسەڵات و سیاق و ئایدۆلۆژیا دەدوێت. من زیاتر ئەو بیرۆکە سەرەکییانە ڕووندەکەمەوە کە تەواوکەری یەکترین و بۆ ڕاڤەی نواندن و بەکارهێنانیان لە لێکۆڵینەوەکەمدا شیاون.

توندوتیژی دیاردەیەکە ڕۆژانە لە فۆرمی جیاوازدا دووچاری دەبینەوە، بە ناڕاستەوخۆ لە ڕێی هەواڵ و بیستنییەوە و بە ڕاستەوخۆ لە ژیان و دەوروبەری خۆماندا، لە شەڕ و پێکدادانە بەکۆمەڵەکاندا.

جگە لەمانە، توندوتیژی لە فیلم، زنجیرەی تەلەفزیۆنی، یاری کۆمپیوتەر و زۆر بواری دیشدا بەدی دەکرێت.

بەمانایەکی تر، ئێمە کۆمەڵگەیەکین توندوتیژی ئەوەندە دیار و دووبارەیە لەگەڵماندا، تا ڕادەیەك پێی ڕاهاتووین و بینین و بیستنی زۆر ڕووداو تووشی شۆکمان ناکات.

ئەم ڕێژە زۆر و باوەی توندوتیژی وا دەکات بپرسین:

ئایا دەرئەنجام و کاریگەرییەکانیان چیین؟

ئایا جیاوازی لەنێوان توندوتیژی نمایشکراو و توندوتیژی ڕاستیدا هەیە؟

نیڤیت لەم جۆرە پرسیارانە دەوروژێنێت و گفتوگۆی ئەوە دەکات کە ئاخۆ نواندنی توندوتیژی چەند کاریگەری و ڕۆڵی دەبێت لە ئەزموونکردنی توندوتیژی ڕاستیدا.

ئەو مەبەستی ئەوەیە هەندێك حاڵەتی تاوان هەن دەکرێت لە ئەنجامی کاریگەربوون بە توندوتیژی تەلەفیزیۆنی و یاری سەر ئینتەرنێتەوە ئەنجام بدرێن، بەڵام پشتڕاستبوونەوەی ئەم بۆچوونە مەحاڵە و هەرگیز ناتوانین لەوە دڵنیابین کە ئاخۆ ئەو تاوانکارانە بە کارتێکردنی نواندنی توندوتیژییەکە تووشبوون یاخود پەلکێشی سەیرکردنی ئەو نمایشانە بوون چوونکە پێشوەخت خۆیان بە هۆکاری دی ئارەزوومەندی ئەنجامدانی توندوتیژی بوون.

خاڵێکی تری نەرێنی زۆربینینەوەی توندوتیژی نمایشکراو، دەکرێت ڕاهاتن بێت پێی، بەو مانایەی توندوتیژی قبووڵ بکرێت و ئاسایی ببێتەوە.

لەم بارەیەوە نیڤیت ئاماژە بەوە دەکات کە لە شانۆدا بینەران بەئاگان لەوەی دیمەنە توندوتیژییەکان نمایشن و ڕاست نین، ئەمە دەشێت وابکات چێژیان لێببینن و بۆیان ئاسان بێت بەدیاریانەوە دابنیشن، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە هەمان ئەو کەسانە تووشی ترس و کاردانەوەی توند نابن ئەگەر ئەو ڕووداوانە بەڕاستی لەبەردەمیاندا ڕوویبدات [3].

نیڤیت دەڵێت نابێت پرسی نمایشی توندوتیژی و پەیوەستێتی بە حەقیقەتەوە بچووك بکەینەوە، بەڵکوو پێویستە بەهەند وەریبگرین و بیری لێبکەینەوە.

### توندوتیژی و جۆرەکانی

توندوتیژی، کردەی شاڵاو و دژایەتییە، بریتییە لەوەی کەسێك یان چەند کەسێك بە شێوەی فیزیکی، گۆبیستیVERBAL ، دەروونیی یان هەستەکی و هزری ئازاری کەسێك یان زیاتر بدەن، زیانی پێبگەیەنن، بریندارى بکەن یاخود لێی کەم بکەنەوە. هەروەها ئەوەیە کە بەرامبەر ناچاربکرێت دژی ویستی خۆی شتێك بکات یان ڕێگری بکرێت لەوەی ویستێکی خۆی ئەنجام بدات. توندوتیژی چەمکێکی فراوانە بە چەندین پێناسەوە. ناکرێت زۆر لەسەر توندوتیژی بڵێین ئەگەر جۆرەکانی پۆلێن نەکەین و لە ئاڕاستەی جیاوازەوە لە هەر جۆرێکی نەڕوانین [4].

واتە پێویستە بۆ نزیکبوونەوە لە بابەتەکە، ڕاڤەی جۆرەکانی توندوتیژی بکرێت، تاکوو بتوانرێت لە ڕەهەند و گۆشەنیگای جیاوازەوە سەرنجی بدرێت.

نێڤیت توندوتیژی فیزیکی و سێکسوالی، دەروونی و هەستەکی، هزری و ڕۆحی جیادەکاتەوە. واتە دەتوانین توندوتیژی لەژێر چەند بەشێکدا پۆلێن بکەین کە هەر جۆرێکیان دەکرێت پەیوەندیدار بێت بە شێوازەکانی ترەوە.

دەکرێت بڵێین: توندوتیژی دەروونی، لێدانی هەستەکی و ڕۆحییە، بەبێ بەکارهێنانی لێدانی فیزیکی. دەشێت لە فۆڕمی هەڕەشەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆدا بێت. دەکرێت لە ئەنجامی توندوتیژی گۆبیستیدا بە گووتنی وشەی ناشرین و بریندارکەربێت. هەروەها دەشێت لە فۆڕمی زاڵێتی و خۆسەپاندندا، دەرئەنجامی هەڵسوکەوتی نەشیاو و سەرکوتکاری بێت ... هەروەکچۆن ئاشکرایە توندوتیژی فیزیکی بە لێدانی جەستەیی دەگووترێت، جا ئەگەر بە ئەندامەکانی جەستە خۆی ئەنجامبدرێت یاخود بە ئامرازی وەك جۆرەهای چەك و هەر کەرەستەیەك کە بۆ ئازاردان و بریندارکردنی لەشولار بەکاربێت. توندوتیژی فیزیکی بە ڕێژە و هێزی جیاوازەوە، پیاکێشانی سووك و قایم دەگرێتەوە و دەشێت تا ئەوپەڕی ئەشکەنجە و مەرگیشت بەرێت ... هەرچی توندوتیژی سێکسوالییە، بریتییە لە دەستدرێژی سێکسی بەزۆر و دژ بەویستی بەرامبەر، هەروەك چۆن ناچارکردنی بەرامبەرە بە گێرانی ڕۆڵی سێکسی و ئەنجامدانی کردەکە بەشێوازی نەخواز و ناباو ... توندوتیژی کەرەستەییش هەیە کە بریتییە لە شکاندن و هەڵدانی شتومەك بە مەبەستی ترساندن و تووڕەبوون، بۆنموونە شکاندنی کەلوپەلی ناوماڵ، بەقایم پێوەدانی دەرگا و دڕاندنی جلوبەرگ و هتد. نێڤیت ئاماژە بەوەش دەدات کە دەتوانرێت توندوتیژی لەنێوان ژمارەی پەیوەندیدارەکانەوە هەڵبسەنگێنرێت، واتە لەنێوان چەند کەسدایە (دوو کەس، چەندین کەس یاخود بەکۆمەڵە وەکوو جەنگ). هەروەها دەتوانین لەڕێی هۆکارەکانەوە بیر لە شێوە و کاریگەرییەکانی توندوتیژی بکەینەوە. دەتوانین لە سیاقی بەئەنقەست و یاسابەندیدا لێی ڕابمێنین و بەوەی کە بزانین کام لە توندوتیژییەکان لە ئارادایە، تێگەیشتنی زیاتر فەراهەم بکەین[5].

## زمانی کینە

دەربارەی توندوتیژی گۆبیستی، واتە ئەوەی دەگووترێت و دەبیسترێت، جۆرێکی تر لە توندوتیژی دێتەپێش کە نێڤیت بە زمانی کینە یاخود گووتەی ڕقئامێز HATE SPEECH ناوی دەبات.

ئەمەیان چەمکی ڕەگەزپەرستی و توانجی هاوڕەگەزخوازیش دەگرێتەوە، هەروەها گوزارشتی ستەمئامێز و لێکەمکردنەوەی جۆرەهای گرووپی خەڵك و چینایەتی و دواخستەی تانەی سێکسوالیتەییە.

زمانی کینە چەمکی وەسفکردن نییە، بەڵکوو نواندنییە. بۆنموونە بانگکردنی خەڵکانێك بە (دۆم، لووس، لادێیی، سەرڕەش) ئەمانە باسکردنی کەسەکە نین، بەڵکوو کردەیەکی توندڕەوییە و هێز لە مێژووی ستەمی سەرکوتکارییەوە دەهێنێت [6].

نێڤیت ئاماژە بەوە دەدات کە زمانی کینە وەك سەرچاوەیەکی ستەمی مێژوویی کاریگەرییەکی زۆری هەیە، چوونکە بە بەها و شێوەی پێشوەختەوە دەبەسترێنەوە.

لێرەدا دەشێت قوربانییەکە پێشتر ستەمی لێکرابێت و تانەکەی دواخرابێت، یاخود لەدۆخێکی وادابێت کە دوورنەبێت ستەمی لێبکرێت. زمانی کینە فرەهێزە بەوەی تەنها بۆ ڕق و زۆرداری ساتەوەختی ناگەڕێتەوە، بەڵکوو ڕووخسارپێدەریشە، فشارێکە دەمێنێتەوە، لەڕێی بەسەرداپڕان و بەکارهێنانی بەردەوامەوە.

## دەسەڵات

چەمکی دەسەڵات لە پەیوەندی بە توندوتیژییەوە، زادەی دەسەڵات بەرامبەر بە بێدەسەڵاتییە. دەسەڵات دەکرێت بە ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ بگێردرێت، بەڵام نێڤیت جەخت لەوە دەکاتەوە کە توندوتیژی بەستراوە بە پەیوەندی دەسەڵاتداری و ناهاوسەنگییەتی دەسەڵاتەوە. گێرانی توندوتیژی دەتوانێت پیشاندەری ئەو دەسەڵاتە بێت کە لە کۆمەڵگەدا بوونی زاڵە و ئەو پێوەرانەش بەیان بکات کە لەسەری بەندن. لە نموونەی توندوتیژی فیزیکیدا، دەسەڵات لە ڕێی جەستەوە مانیفێست دەکرێت لە فۆڕمی (ئەنجامدەر و قوربانی)دا. لە کوشتاری تیرۆریدا، تیرۆرستەکانن دەسەڵاتیان هەیە بەرامبەر بە قوربانی و شایەتحاڵەکان، کە دەبنە بێدەسەڵاتەکان [7].

## بەرجەستەکردنی توندوتیژی و PERFORMANCE

نێڤیت دەڵێت چۆنێتی هەڵبژاردنی بەرجەستەکردنی توندوتیژی گرنگە بۆ لێکدانەوە و دیقەتدانی توندوتیژی. بەرجەستەکردنی توندوتیژی دەتوانێت پێشنیازی زۆرجۆر تێگەیشتنی توندوتیژی بکات. ئەمە دەکەوێتە سەر ئەوەی سەرنج دەخرێتە سەر چی، بۆنموونە سەرنج دەخرێتە سەر موعانات و ئازارچەشتن یان برینی فیزیکی و ژانی قوربانی، یاخود بیرۆکەی ستەمەکە دەخرێتە بەر ڕووناکی [8]. نمایندەکردنی توندوتیژی دەکرێت شتێکمان دەربارەی ئەو کولتورە پێبڵێت کە بەرهەمهێنەرییەتی، شتێك لەبارەی پەیوەندی دەسەڵات، هەڵوێست، ئاکار و بەهادانانەوە. نێڤیت ئەوەش دەخاتەڕوو کە نمایندەکردنی توندوتیژی، دووپاتکردنەوە و هێشتنەوەیەتی یانیش بەرەنگاربوونەوەی نۆڕمی هەنووکەییەتی [9].

چەمکی PERFORMANCE بە ئینگلیزی، وەك کردەی نواندن ناودەبرێت، کردارە نواندنییەکان وەك چەمك، چوون ئامراز بەکاردەهێنرێن بۆ شیکاری ڕووداو و بەسەرهاتەکان [10].

ئەمە وەك تیۆری سەرنج دەخاتە سەر ئەوەی چۆن زمان و دانوستان و هەبووەکان بهێڵینەوە. بە چەمکی کرداری نواندن دەتوانین ببینین چی لە دەقی شانۆگەرییەکاندا دەگوزەرێت و نمایشەکان چۆن بنیاتنراون.

## کۆنتێکست و ئایدۆلۆژیا

کاتێك دێینە سەر شیکاریی نمایشی توندوتیژی شانۆیی، ناکرێت تەنها وەك دیاردەیەك ناوی بەرین. ناتوانین بەرجەستەکردنی توندوتیژی هەڵبسەنگێنین بەبێ ئەوەی لە سیاقێکی فراوانتردا داینەنێین، ئەمە کاتێك لە دەقی شانۆیی و لە جیهاندا، لە چۆنێتی وەسفکردنی دەکۆڵینەوە [11].

دانانی توندوتیژی شانۆیی لە سیاقێکدا، تێگەیشتنە لەو ئایدۆلۆژیایانەش کە کۆمەکی دەکەن. ئایدۆلۆژیاکان شێوازێکن بۆ تێگەیشتنی ئێستا و داهاتوو بە ڕامانی تایبەتەوە. ئایدۆلۆژیاکان بیرۆکەن، هەست و هەڵسەنگێنەری بەهایین، دەرهەق بە مرۆڤگەلێك کە لە کۆمەڵگەیەکدا لە کاتێکی دیاریکراودا وابەستەین[12].

## کەرەستە

کاتێك ئەم لێکۆڵینەوەیەم ئەنجامدا، نمایشی شانۆگەرییەکانی کەین بەڕێوە نەدەچوو. بۆیە وەك کەرەستەی سەرەکیی کارەکەم، نوسخەیەکی تۆمارکراوی شانۆگەری (تەقینەوەکان)م بە DVDبەکارهێنا، کە ٢٠٠٦\٤\١٦ لە هۆڵی ئێلڤێرکتی دووی شانۆی (دراماتێن) لە ستۆکهۆڵم، لە دەرهێنانی (ستێفان لارسسۆن) پێشکەشکراوە.

هاوتەریب بە شیکاری نمایشەکە، وەك تەواوکاری لە سەرنجدانی جیاوازیی دیمەن و بەرجەستەکردندا، گەڕاومەتەوە سەر دەقی شانۆگەرییەکە لە کتێبی (کۆی شانۆگەرییەکانی سارا کەین)دا.

هەڵبژاردنی من بۆ نمایشی شانۆگەری (تەقینەوەکان) کە یەکەم بەرهەمی کەینە و ساڵی ١٩٩٥ نووسراوە، دەگەڕێتەوە بۆئەوەی بەرهەمەکە زۆرجۆر توندوتیژی لەخۆگرتووە و بۆ دۆزی توێژینەوەکەم گونجاوە.

## میتۆد

وەك ئامرازێك بۆ شیکاریی، سوودم لە کتێبی (دراما و شیکاری نمایش)ی (ڕیکارد لۆمان) وەگرتووە و هەندێك بەشی لێکۆڵینەوەکەم لەسەر بناغەی ڕێنماییە شیکارییەکانی ئەو دارشتووە. لۆمان ئاماژە بەوە دەدات کە شانۆ هونەری هەنووکەییە بەوپێیەی لەدەمی "ئێرە و ئێستا"دا نمایش دەکرێت. بە شیکاریی شانۆگەری پەیوەندی لەگەڵ ئێرە و ئێستای ستەیجدا دەگرین. ئەگەرچی ئەمە دەکرێت شیکارییەکە ئاڵۆز بکات لەبەرئەوەی دەبێت ڕەچاوی زۆر ڕەهەند و ڕووانگە بکەین [13].

شیکاریی شانۆگەری، سەرنج دەخاتە سەر شوێن، دەرهێنان، پرۆسە وەك قۆناغی کات و چۆنێتی بەرجەستەکردنی ڕۆڵەکان. هەریەك لە ڕەهەند و ڕووانگەکان چەندین وردەکارییان لە ناوەڕۆکدایە، لە لێکدانەوە و شیکارییدا بڕیار دەدرێت لە نزیکەوە لە لایەنێك یان لە چەند لایەنێك بکۆڵرێتەوە. هەروەها بەدیدی لۆمان دەکرێت توێژینەوەی شیکاریی زیاتر سنووردارکرێت بەوەی سەرنج بخرێتەسەر: "خودی نواندنەکە" یاخود "نواندن لە پەیوەستی بە خۆیەوە" یان "نواندن لە پەیوەستی بە ئێمەوە!" من لەم لێکۆڵینەوەیەدا، وێڕای دۆزینەوەی هەماهەنگی لەنێوان هەر سێ دۆخی نواندنەکەدا، سەرنجی زیاتر دەخەمە سەر بژاردەی سێهەم بەوپێیەی زیاتر پەیوەندیدارە بەپرسی توێژینەوە شیکارییەکەمەوە.

لە شیکارییەکەدا سەرنجی بەردەوام دەخەمە سەر سێ ڕەهەند کە بریتین لە شوێن و کات و بەرجەستەکردن.

شوێن :وردبوونەوە لە شوێنی شانۆكە، ڕەهەندە پراكتیكی و ئەستاتیكییەكانی، بیستن و بینین تیایدا و چۆنێتی ڕێكخستنی ژینگە دیار و نادیارەكان.

كات :كات چۆن وەسف دەكرێت، كوورت یان درێژ، خاو یان خێرا، لۆژیكی یاخود دەروونی.

بەرجەستەكردن :تێڕامان لە بەرجەستەكردنی كەسایەتی و ڕۆڵ و كارەكتەرەكان، دیالۆگەكان، زمانی جەستە، جل و ماكیاژ و ... بیركردنەوە لەوەش كە هەریەك لەمانە چ بنەمایەكی كولتوری و مێژوویيان هەیە[14].

شیكاری تەقینەوەكان

كوورتەی ڕووداوەكان

كارەكتەرە بەشداربووەكانی سەر ستەیج بریتین لە:

(داڤید دێنسیك) لە ڕۆڵی (ئیان)دا،

(نۆمی ڕاپەیس) لە ڕۆڵی (كەیت)دا

و (دوگلاس جۆهانسسۆن) لە ڕۆڵی (سەرباز)دا.

كە نمایشەكە دەستپێدەكات، ژووری هوتێلێكی گرانبەها دەبینین، ژوورێكی ڕازاوە بە كورسی و كەلوپەلی كەشخە و تەختێكی خەوی دووكەسیی ڕێكخراوەوە، گوڵدانێك بە گوڵی سپییەوە لە سوچێكدا دانراوە و بارێكی بچكۆلەشی لێیە.

بە بەكارهێنانی تەكنیكی سینەما، لەسەر لادیوارێك دەریا دەبینرێت و هاژە و شەپۆلی ئاو دەبیسترێت، وەكئەوەی پەردەسینەماكە تەلەفزیۆن بێت، دیمەنەكە دەچێتە سەر كەناڵێك وەرزش پەخشدەكات، ئیان كۆنترۆڵێك دەگرێت بەدەستەوە، چەند كەناڵێك دەگۆڕێت. كەش ئارامە و مۆسیقای كلاسیك دەبیسترێت، لێ زۆرنابات هەموو ئەم هارمۆنییەتە بە گرژی ڕووداوەكان دەشێوێت.

## پەردەی یەکەم

**:پیاوێکی تەمەن مامناوەند و کچێکی گەنج دێنە ژووری هوتێلەکەوە.**

پیاوەکە (ئیان)ە، بە ڕۆژنامەنووس خۆی ناوزەند دەکات. کچەکە (کەیت)ە، ٢١ ساڵ تەمەنییەتی، زۆر سەلار و خۆشباوەڕە و کە دەشڵەژێت زمانی دەیگرێت. ئیان لە بارەکە دەخواتەوە و دەچێت لە حەمامەکە خۆی بشوات. دەگەڕێتەوە تا دڵنیابێت دەمانچەکەی لەسەرپێیە و دەیخاتە ژێر سەرینەکەوە. لەڕێی قسەکانیانەوە تێدەگەین ئەم دوو کەسە، پێشتر پەیوەندی سۆزداریان هەبووە. ئێستا ئیان زۆر نەخۆشە و داوای لە کەیت کردووە یەك ببینن. ئیان بێزێزی بە ژن زۆر دەکات، بێئیمان و نەژادپەرستە و ترسێکی زۆریشی لە هاوڕەگەزخوازەکان هەیە.

ئیان هەوڵ دەدات کەیت ڕازی بکات لەگەڵی بخەوێت، بەڵام کەیت نایەوێت و ڕەتی دەکاتەوە. پێکەوە دەمەدەم زۆر دەکەن. ئیان گاڵتە بە کەیت دەکات و بە قسەی زبر فشاری زۆر دەخاتەسەر. کەیت دەکەوێتە لەرزین، هستریا دەیگرێت و دەبوورێتەوە. کە ئەمە بۆ یەکەم جار ڕوودەدات، ئیان دەترسێت و نازانێت چی بکات. کەیت دواتر پێی دەڵێت کە زۆرجار وایلێدێت. لەڕێی تەلەفۆنێکەوە تێدەگەین ئیان سیخوڕ و بکوژە و لە ڕێکخراوێکەوە فەرمان و ڕێنمایی پێدەدرێت. هەروەها لەڕێی گفتوگۆکانەوە تێدەگەین ئێستا کەیت لەگەڵ کوڕێکی تردا لە پەیوەندیدایە. ئەمە ئیان زیاتر قەڵس دەکات و نایەوێت ئەم ڕاستییە قبووڵ بکات. بەشی یەکەمی نمایشەکە بەگرژی و بە شەڕەدەمەوە تەواو دەبێت.

## پەردەی دووهەم :

گوڵدانەکە لەسەر زەوییەکە کەوتووە و گوڵەکان بەژاکاوی بە ژوورەکەدا پەرشوبڵاوبوونەتەوە. کەیت لەسەر سیسەمەکە بە چەرچەفێکەوە ڕاکشاوە. ئیان دەخواتەوە و دەکۆکێت. کەیت جنێوی پێدەدات و تێدەگەین ئیان دەستدرێژی کردووەتەسەر. ئیان دەچێت بۆ توالێت، کەیت هەڵدەستێت چاکەتەکەی ئیان هەڵدەگرێت و قۆڵەکانی لێدەکاتەوە. کە ئیان دێتەوە، لەم کارە تووڕە دەبێت. هەردووکیان پەلاماری دەمانچەکە دەدەن و شەڕدەکەن. کەیت دیسان دەبوورێتەوە. ئیان دووبارە دەستدرێژی دەکاتەسەر، لەکاتێکدا ئەو لە هۆشخۆی چووە. کە کەیت بەئاگادێتەوە، دەیەوێت بڕواتەوە ماڵەوە. ئیان دەپاڕێتەوە و تکای لێدەکات بمێنێتەوە، چوونکە لە مردن دەترسێت و نایەوێت بەتەنها بێت. کەیت دەیەوێت لە ئیان تێبگات و بزانێت لە ڕابردوودا خەریکی چی بووە، بۆئەوەی وەڵامێکی چنگ بکەوێت، خۆی هێور دەکاتەوە، بەنەرمی لە ئیان نزیك دەبێتەوە و دەست بە گیانیدا دەهێنێت و داوادەکات پێی بڵێت بۆچی کاتی خۆی بەجێیهێشت بەبێ ئەوەی هیچی پێ بڵێت. ئیان تەواو خرۆشاوە و کەوتۆتە جەوی خۆیەوە، بەدەم چێژ و ڕەحەتبوونەوە ددان بەوەدا دەنێت، کە ناچاربووە دووربکەوێتەوە چوونکە ئەو بکوژە و کار بۆ گرووپێکی سیاسی دەکات. کەیت کە دەبیستێت ئەو بکوژە، شێتگیر دەبێت و گازێکی توند لە چووکی دەگرێت. دیسان دەستدەکەنەوە بە شەڕ و دەکەونە گفتوگۆی ئەوەی کوشتن چۆن ڕاستە و چۆن هەڵەیە.

کەیت تێبینی ئەوە دەکات لە دەرەوە جەنگ هەڵدەگیرسێت. چەند جارێك لەدەرگا دەدرێت، ئیان دەپەشۆکێت.

کەیت داوادەکات نەیکاتەوە و دەچێتە حەمام خۆی بشوات. سەربازێك دێتەژوورەوە، ئیان خافڵ دەکات و دەمانچەکەی لێدەسەنێت. کاتێك سەربازەکە بەدوای کەسی تردا ژوورەکە دەپشکنێت، دەردەکەوێت کەیت لە پەنجەرەی گەرماوەکەوە ڕایکردووە.

**پەردەی سێهەم :**

ژووری هوتێلەکە بەر بۆمب دەکەوێت و دەبێتە وێرانە. ئیان و سەربازەکە لەسەر زەوییەکە پاڵکەوتوون. سەربازەکە ئەو ستەم و زۆرداریانە لە دەستدرێژی و ئەشکەنجە و کوشتاری خەڵك دەگێڕێتەوە کە شایەتحاڵ و بەشداربووە تیایاندا. پاشان لە ئیان دەپرسێت گەر ئەو تاوانی وەهای کردبێت یان ئامادەبێت کاری وا بکات لەبەر وڵاتەکەی. ئیان دەڵێت نەخێر، ئاوها بکەم خەوم لێ ناکەوێت، ئەگەر ناچاریشبم خەڵك بکوژم، بەخێرایی دەیکوژم، ئەشکەنجەی نادەم. سەربازەکە دەیەوێت ئیان زیاتر قسەبکات، بۆیە زیاتر باسی وردەکاری ئەو دڕندەیی و ستەمانە دەکات کە لە جەنگدا دووچاریان هاتووە. ئیان هێڵنجی دێت، قێزی دێتەوە. ئەوجا سەربازەکە باسی ئەوە دەکات چۆن دەستگیرانەکەیان سەربڕیوە و بە دەرگایەکدا هەڵیانواسیوە. داوا لە ئیان دەکات وەك ڕۆژنامەنووسێك لەبارەی کوشتنی دەستگیرانەکەیەوە بنووسێت، (دواتر دەردەکەوێت خودی ئیان بووە دەستگیرانی سەربازەکەی بەو بێویژدانییە کوشتووە و دەترسێت تۆڵەی لێبکاتەوە، بۆیە درۆ دەکات تا گەر کوشتی خێرا بیکوژێت و ئەشکەنجەی نەدات)، بەڵام ئیان داوای سەربازەکە ڕەتدەکاتەوە، دەڵێت من بەسەرهاتی ئاوها نانووسم و دەبێتە شەڕیان. سەربازەکە بە چەکەکەی هەڕەشەی لێ دەکات و دەستدرێژی سێکسی دەکاتە سەر، هاوکات خۆی دەگری و یەك یەك چاوەکانی ئیان دەمژێت و دەیانخوات!

**پەردەی چوارەم :**

سەربازەکە لەسەر زەویەکە کەوتووە، گولەیەکی ناوە بە سەری خۆیەوە، خۆی کوشتووە. کەیت دەگەڕێتەوە بە منداڵێکەوە لە باوەشیدا. سەیری ئیان دەکات، دەڵێت سەرباز شارەکەی تەنیوە، ژنێك ئەو منداڵەی دامێ.

ئیان داوای یارمەتی لێدەکات، تکادەکات بمێنێتەوە، دەڵێت مەڕۆ دەرەوە خەتەرناکە، بەڵام کەیت دەڵێت پێویستە بچمەوە دەرەوە تا خۆراك بۆ منداڵەکە پەیدابکەم. ئیان دەمانچەکەی بەردەست دەکەوێت و دەیەوێت خۆی بکوژێت، بەس کەیت پێشتر دەمانچەکەی خاڵی کردووەتەوە لە فیشەك. منداڵەکە لەباوەشی کەیتدا دەمرێت. کەیت هستریاکەی بۆ دێت و دەبوورێتەوە.

## پەردەی پێنجەم

کەیت لە چاڵێکدا منداڵەکە دەنێژێت، جۆرێك لە سێرمۆنی مەرگی بۆ دەگێرێت و نزای بۆ دەکات.

ئیان پێیناخۆشە، ئیرەیی دەبات و حەزدەکات کە مرد، بەوجۆرە خەم بۆ ئەم بخوات. کەیت برسییەتی، دەڕوات بەدوای خواردندا بگەڕێت. ئیان ڕووتوقوتە تەنها ماوەتەوە، ئازاردەچێژێت، جنێو دەدات، فرمێسکی خوێنین دەڕێژێت و دەستپەڕ دەکات! دەتلێتەوە و لەتاو سەرما باوەش بە لاشەی سەربازەکەدا دەکات تا گەرمیبێتەوە. ئەو برسییەتی، گۆڕی منداڵەکە هەڵدەکەنێت، لاشەکەی دەردەهێنێت و لێی دەخوات. دواتر خۆی دەخنێتە چاڵەکەوە، دەیەوێت بمرێت. کەیت بە خواردن و خواردنەوەوە دەگەڕێتەوە. لەنێوان ڕانەکانییەوە خوێن دەزوولە دەکات و بە قاچیدا دەچۆڕێتە خوارەوە. دادەنیشێت لە خواردنەکە دەخوات و دەشیکات بە دەمی ئیانەوە. ئیان دەڵێت: سوپاس!

شوێن

سەبارەت بە شوێن لە نمایشەکەدا، جێ بیننراو و جوگرافییەکە، ژووری هوتێلەکەیە. ئەو ژوورە ڕازاوەیە دەکرێت لە هەر جێیەکی دونیادا بێت، ئەگەرچی لە دەقی شانۆگەرییەکەدا ئاماژە دەدرێت کە لە شاری لیدسە لە بەریتانیا. ئەو ژوورە هیچ سەرەداوێکمان ناداتێ لەسەر ئەو ڕووداوانەی کە ڕوودەدەن. دەکرێت لێکدانەوەمان بۆ ژوورەکە، شوێنێك بێت بۆ گۆشەگیری، لەو ڕووەوە کە شتانێکی کەسیی و نادیار لەناو دیوارەکانیدا دەگوزەرێت، دەشێت ئەمە وەك دیوی ناوەوەی کۆمەڵگە و مرۆڤایەتی لێکبدرێتەوە، کە تیایدا کەیت و ئیان گفتوگۆی بابەتگەلێکی جددی و هەستیار دەکەن کە کار لە دەروونی تاك دەکات.

شوێنە خەیاڵییەکان،

شار و شەقام و هەموو ئەو جێگایانەن کە کارەکتەرەکان باسیان دەکەن بەڵام ئێمەی بینەر ڕاستەوخۆ نایانبینین. بۆنموونە، کاتێك کەیت دەڕوات و دەگەڕێتەوە، باس لەوە دەکات شارەکە چۆن بووەتە دێوەزمە. یاخود کە سەربازەکە دەڵێت ژنەکەمیان سەربڕیووە و هەڵیانواسیوە بە دەرگادا. ئێمە دەتوانین هەموو ئەو شوێنانە بهێنینە پێش چاومان کە باسیان لێوە دەکرێت. بەمجۆرە شوێن لە (تەقینەوەکان)دا پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە بەهەموو ڕووداوەکانەوە.

هەماهەنگ بە شوێن،

سینۆگرافیا لە نمایشەکەدا هاریکارە لە تێگەیشتنی دراماکەدا. بەتایبەت دوای تەقینەوەی بۆمبەکە، کە ژووری هۆتێلەکە دەبێتە کەلاوە و لەپڕ هەموو شت تراژیدی دەبینرێت. هەڵبەت مەبەست لە بەرکەوتنی بۆمبەکە نیشاندانی جەنگە.

هەروەها لەسەرەتای پەردەی دووهەمدا، کە دەبینین ژوورەکە بۆتە فەوزا، گوڵدانەکە شکاوە، گوڵەکان لەسەر زەوییەکە بڵاوبوونەتەوە، جلەکانیان فڕێدراوە و کەیت بە چەرچەفێکەوە لەسەر سیسەمەکە ڕاکشاوە، تێدەگەین ئیان شەوەکەی دەستدرێژی کردووەتە سەر کەیت. بەم شێوەیە سینۆگرافی بەرجەستەکردن و تێگەیشتن ئاسان دەکات و کەلوپەلەکانی ژوورەکە بە مانا هێماییەکانیانەوە و بە شێوازی گۆڕینیانەوە لە پەردەکاندا، دەستدرێژی و ڕەتکردنەوەکان زیاتر ڕووندەکەنەوە[15].

نمایشەکە لەپەیوەندی لەگەڵ توندوتیژیدا، دەکرێت وەك توندوتیژی ناو ماڵ لێکبدرێتەوە، یاخود وەك توندوتیژی لەنێو پەیوەندی نزیکەکاندا. ئەم تێگەیشتنە لەوەوە وەردەگرین کە ڕووداوەکان لە ژووری هوتێلێکدا ڕوودەدەن و لە پەردەی یەکەمدا شەڕەکە لەنێوان ژن و پیاوێکدایە. دەکرێت تێڕوانینی میتافۆڕیمان بۆ ژووری هوتێلەکە جێیەکی پریڤات بێت کە لەپەناوە توندوتیژی تێدا ئەنجام دەدرێت. هاوکات دەکرێت ژوورەکە بە شێوەیەکی هێمایی وەك ناخ و جیهانی ناوەوەی مرۆڤ ببینرێت. ئەوەی کە وا دەکات بڵێین سەرنج لەسەر جیهانە ناوەکییەکەیە، ئەوەیە کە بینەر ناتوانێت دەرەوەی ژوورەکە ببینێت. ئەوەش کە کارەکتەرەکان باس لەوە دەکەن کە لە دەرەوە دەگوزەرێت، ئەوە ڕوونده‌کاتەوە کە دونیای دەرەوە جیاکراوە نییە لە جیهانە ناوەکییەکە و کار لە دەروونی کەسایەتییەکان دەکات.

جگە لە توندوتیژی نێوان کارەکتەرەکان، باسی توندوتیژی بەکۆمەڵ و ناکۆکییە سیاسییەکان لەڕێی باسکردنی ئەو جەنگەوە دەکرێت کە لە دەرەوە ڕوودەدات. ئەمە لەویادا بەڕوونی دەبینرێت کە ژوورەکە بەر تەقینەوە دەکەوێت و دەبێتە وێرانە. جێی باسە ئەم دیمەنە لە ڕەخنەدا لە ڕووی پەیوەستی هزری لۆژیکییەوە بە ناڕوون ناوبراوە، چوونکە گەر مەبەست لە (جەنگی دەرەوە) جەنگی بۆسنە و هەرسك بێت، ژووری هوتێلەکە (دونیای ناوەوە) چۆن دەبێت لە بەریتانیا بێت [16]!بەڵام ئەم لێکدانەوە واقیعییە تەنها کاتێك ڕەوایە کە شوێنە تایبەتە جوگرافییەکان بۆ ماناپێدان گرنگتربن لە شوێنە هێمایی و میتافۆڕییەکان. بەپێچەوانەوە ڕووانگە هێماییەکانی شانۆگەرییەکە تێگەیشتنی لەبار و قووڵتر دەدەنە بەسەرهات و دیمەنەکان. سەبارەت بەو شوێن ڕاگوزەرییە، (ئەلێکس سێرس) دەڵێت کەین بەتەواوی ڕووانگەی شوێنی تێپەڕاندووە، نمایشەکە دووریی مەودا جوگرافییەکان تێکدەشکێنێت و بینەر دەگوێزێتەوە بۆ ئەزموونکردنی جەنگی ناوخۆ، لە هەر جێیەك بێت [17].ئەمە جگە لەوەی کە هەم ژووری هوتێلەکە و هەم ئەو جەنگەی دەریشەوە دەکرێت لە هەر شوێنێکی جیهاندا بێت. وەکتر ئەوەی کە لە چەند خولەکێکدا ژوورەکە کاول دەبێت و چیتر ئەو شوێنە ئارام و ڕازاوەیە نامێنێت کە هەبوو، ئاماژەدانە بەوەی دەکرێت بوون و ژیان لە ساتێکدا بڕووخێت بەبێ هیچ ئاگادارکردنەوەیەکی پێشوەخت. ئەوەش کە کەشە پریڤاتەکە ون دەبێت و دۆخەکە دەبێتە ئاوێنەدانەوەی کۆمەڵگە، هێماییانە دەکرێت وا لێکبدرێتەوە کە توندوتیژییەکە باس لە ئێرە لە ناوەوە و لەوێش لە دەرەوە دەکات، لەسەر ئاستی تاك و کۆ.

سەبارەت بە توندوتیژی لە سیاقی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا و لە پەیوەندییان پێکەوە، دەکرێت لەڕێی توندوتیژییە گۆبیستی و زمانییەکانی نێوان سەربازەکە و ئیانەوە زیاتر لێیان وردببینەوە. ئەوان کە سەر بە دوو بەرەن و خەڵکی دوو ناوچەی جیاوازن، لە چەند دیمەنێکدا بەچڕی دەربارەی ناسنامەی بەریتانی بۆڵەیانە و سەرکۆنەی یەك دەکەن، توانج لە زاراوەی یەکتر دەدەن و هەر کەس خۆی بە بەریتانی ڕەسەن دەزانێت. ئەم گفتوگۆیە لە کاتێکدا لە ئارادایە کە لە دەرەوە جەنگی ناوخۆیە و هۆکار ناکۆکی بەرەکان، ڕەگ، سیاسەت و ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیزمیانەیە. کارەکتەری ئیان بە ڕوونی بەرجەستەی پرسە سیاسییەکە دەکات لەڕێی بۆچوونی ڕەگەزپەرستانە و بە دوژمن زانینی پەناهەندە و بیانییەکانەوە.

(ساوندەرس) جەخت دەکاتەوە کە هەستی ئیان بۆ ناسیۆنالیزم، نیشتیمانپەروەری و ناسنامەی بەریتانی، تەنها لەسەر بناغەی توندڕەوی نەتەوەیی و نەژادپەرستی وەستاوە[18].



دیمەنێکی شانۆگەری تەقینەوەکان – وێنەگر؛ لارش پێرسون

بەگوێرەی ڕووداوەکان، جل و ماکیاژیش هاوکارن لە پیشاندان و ڕوونکردنەوەی توندوتیژی و دەرئەنجامەکانی جەنگ. ئەمە لەو دیمەنانەدا ڕوونە کە کەیت دێتەوە بۆ ژووری هوتێلەکە. جاری یەکەم کە بە منداڵێکەوە دێتەوە، قەمسەڵەی سەربازێکی لەبەردایە. جاری دووهەم کە بە خواردنەوە دێتەوە، لەجیاتی پانتۆڵەکەی، شۆرتێکی سپی لەپێدایە و خوێن بە لاڕانیدا دێتە خوارەوە. بەمە بینەر تێدەگات کەیت لەبەرامبەر وەرگرتنی خواردندا، جەستەی داوە. ئەمەش ئاماژەدانە بە بەکاربردنی جەستەی ژن وەکوو ئامراز و کاڵا لە بارودۆخی جەنگدا.

دەتوانین بڵێین ڕەهەندی شوێن لە کارەکەدا باسی چۆنێتی بەیانکردنی توونندوتیژی و زۆر بەشی کۆمەڵگە دەکات بە هێمایی و میتافۆڕیش. بۆیە لە مەبەست و لێکدانەوەدا شوێنی شانۆگەرییەکە کە ژووری هوتێلێکەیە، تەنها جێیەکی دیاریکراوی جوگرافی نییە، بەڵکوو لە واتادا گوزارشتە لە توندوتیژی لەنێو پەیوەندی نزیکایەتیدا و توندوتیژی لە ئاستی دەستەجەمعیدا.

## کات

کات لە پەردەکاندا بە لۆژیکی و دەروونیش گوزارشت دەکرێت، هەندێکجار کات شاراوەیە و لە ڕیتمدا سایکۆلۆژییانە بەڕێوەدەچێت، لە ساتە سەختەکاندا کات خاو و لە کاتە ئاساییەکاندا خێرا دەڕوات. بۆنموونە کاتێک ئیان کوێر بووە و کەیت بەجێیهێشتووە، کات لە ئیان ناڕوات وەختێک کە ئازاردەچێژێت. ڕووداوەکان لە ڕووی مێژووەوە ڕێکخراون و میقاتیی دەچنە پێش، ئەگەرچی هەندێکجار گێرانەوەکان تەماوین. کارەکتەرەکان باس لە هەموو تاریکییەکانی ڕابردوویان و قورساییەکانی ئێستایان دەکەن. ئاشکرایە لەگەڵ کاتدا تووندوتیژی کاریگەری نەرێنی لەسەر تاك و کۆمەڵگە جێهێشتووە. شانۆگەرییەکە بەرجەستەی ئەوە دەکات کە چۆن لەگەڵ کاتدا کەسە خراپ و تووندوتیژەکان ئازاری باشەکانیان داوە و باشەکان چۆن لە ئاکامدا دڵڕەق بوون.

لە شانۆگەرییەکەدا وا دەردەکەوێت هەموو شت لە شەو و ڕۆژێکدا لە هەمان جێ، لە نێوان سێ کەسدا ڕوودەدات، بەڵام (تەقینەوەکان) باس لە ڕووداوی چەندین ساڵ و تەواوی وڵاتێك دەکات لە جەنگدا. لەنێوان پشووەکاندا کاتی درێژ هەیە، بینەر هەستی پێ ناکات. لە نمایشەکەدا باس لە وەرز ناکرێت، بەڵام لە دەقەکەدا هەموو پەردەیەك بە بیستنی باران تەواو دەبێت کە لە وەرزە جیاوازەکانی ساڵدا لەدەرەوە دەبارێت. لە نمایشەکەدا پەردەکان یان بە دەنگی مۆسیقا یان بە دەنگی ئینزار تەواو دەبن، دەکرێت مۆسیقاکە وەك کاریگەرییەکی ئیستاتیکایی سەیر بکەین، بەڵام ئینزارەکان وەك خەبەری ڕوودانی شتێکی ترسناك، هەستێکی ناخۆش دەدەن.

دەتوانین بڵێین لە شانۆگەرییەکەدا کات وردی و دیقەتی دەوێت، چوونکە باس لە ڕیاڵ ناکات، بەڵکوو بە گوێرەی ڕووداوەکان و ئەوەی کە بەسەر کارەکتەرەکاندا دێت گوزارشت دەکات. ئەمە بەو مانایە نایەت کە کات بێمانا بەرجەستە بکرێت، بەڵکە کات بەجۆرێك ئاوێنەی ئازار و میتافۆرێکە بۆ پرسیارە بوونگەراییەکان و جیهانی ناوەوەی کارەکتەرەکان. لەڕێی کاریگەری تووندوتیژی و ئازارچەشتنەوە، دەکرێت شانۆگەرییەکە بخرێتە سیاقی پرسی بوونگەرایەتییەوە، کاتێك دەبینین کەرەکتەرەکان و نمایشەکە ژیان و مردن و ژان دەکەنە مایەی تێگەیشتن. کەیت دەخوازێت خودا وەك هێزێکی باڵا بوونی هەبێت بۆ ڕێگرتن و کۆتاییهێنان بە تووندوتیژی و ئازارچەشتن. لەکاتێکدا ئیان پێیوایە هیچ هێزێکی باڵا بوونی نییە و ژیان تەنها فەوزایە. کەیت و ئیان گفتوگۆیەکی توند دەربارەی خودا و بوون و نەبوونی ژیانی پاش مەرگ دەکەن. ئیان باوەڕی بە هیچ شتێك نییە دوای مردن، پێیوایە بوونی خودا وەك بوونی بابەنوێل ئەفسانەیە و ڕاستی نییە.

ساوندەرس ئاماژە بەوە دەدات کە پرۆسەی گۆڕانکاری لە شانۆگەرییەکەدا هاوشێوەی نموونەی تراژیدیا کلاسیکییەکانە، وەختێك کارەکتەرەکان لە ئازارچەشتنەوە فێردەبن و دەگۆڕێن. [19]ئەمە بەسەر ئیاندا دێت کاتێك دوای ئازارچەشتن و ئەزموونکردنی زەبر و ژان، دەتوانێت بگەڕێتەوە لای بەشێکی مرۆڤانەی خۆی، ئەمە لە دوادیمەندا دەردەکەوێت کە بە کەیت دەڵێت (سوپاس). بەهەمان شێوە دەتوانین ببینین کارەکتەری کەیت چۆن گۆڕانی بەسەردا دێت، لە کچێکی بێگەرد و بێ دەرەتانەوە، دەبێتە کەسێك کە هێزی ئەوەی هەبێت لە جەنگدا بمێنێتەوە.

ڕەهەندی کات دەکرێت لە سیاقی مێژوویدا هێماییش بێت، بەوپێیەی جەنگ شوێنپێی وێرانی و ئازاری بەجێهێشتووە لای ئەوانەی ئەزموونیان کردووە. بیرۆکەی ئەوەی کە دەکرێت مێژوو پێوەر بێت لەڕێی کردەی توندوتیژییەوە، خاڵێکی گرنگی تێڕامانە. چوونکە کاتێك دێینە سەر باسی بەسەرهاتێکی مێژوویی، بارودۆخەکان بەپێی ڕووداوە توندڕەوییەکان بەتەواوی دەگۆڕدرێن[20].

بەشێك ڕەخنەگر و دراماکار ستروکتوری شانۆگەرییەکەیان وا باسکردووە کە لە سۆسیۆ-ڕیالیزمەوە (ژووری هوتێلەکەی لیدس) بەرەو سوریالیزم دەچێت، بە تەقینەوەکەوە [21].دەکرێت ئەم ستروکتورە لە ڕەهەندی کاتەوە لێکبدەینەوە، لەوێوە کە دەتوانین ڕووداوی چاوەڕواننەکراو تێهەڵکێشی کات بکەین، وەك ئەوەی چۆن هەموو شت لە ساتێکدا بە شتێکی تر دەگۆڕێت. بەوەشدا کە شێوازی جەنگ لە فەوزادا نیشان دەدرێت، دەتوانین بڵێین کات لێڵە و وەك شوێن و بەرجەستەکردن ڕوون نییە.

### بەرجەستەکردن

نمایشەکە باس لە سێ کارەکتەر دەکات، کەیت و ئیان و سەربازەکە. ئیان کارەکتەرێکی سەرەکییە، زۆرترین دیالۆگی لەگەڵ هەردوو کارەکتەرەکانیتردا هەیە. کەیت و سەربازەکە هیچ گفتوگۆیەکیان پێکەوە نییە. لەسەرەتاوە دەردەکەوێت ئیان توندوتیژ و شەڕانییە، بەوەدا کە شێواز و تۆنی قسەکردنی زبرە و وشەی ناشرین بەکاردەهێنێت. (من لە شوێنی لەمە باشتر گوم کردووە) ئەمە یەکەمین ڕستەیەتی کە دەیڵێت، کاتێك لەگەڵ کەیتدا دەچێتە ژووری هوتێلە گرانبەهاکەوە. کە ئیان ئەمە دەڵێت، کەیت بە سەرسامی سەیری ڕازاوەیی ژوورەکە دەکات و لای خۆشە.

گوزارشتەکەی ئیان بۆ ئەوەیە لە کەیت کەمبکاتەوە، بەوەی بڵێت من ئاستم بەرزترە. هەر لەو سەرەتایەوە بینەر دەکرێت بەرانبەر بە کەیت هاوسۆزبێت و وەك قوربانی داهاتوو بیبینێت. ئیان لەو شێوازی سووکایەتی و بێزێرییە بەردەوام دەبێت، بە ناشرینی باس لە کۆچبەر و پێسترەشەکان دەکات و پەستە لەوەی شارەکەی پڕ بووە لە قەرەج و دۆم! کاتێك تەلەفۆن بۆ پرسگەی هوتێلەکە دەکات تا خواردن داوا بکات، خزمەتکاری چێشتخانەکە بە سەرڕەش بانگ دەکات. ئیان بەردەوام گاڵتە بە کەیت دەکات و براکەی بە کەنەفت ناودەبات. کەیت دەڵێت نا براکەم وانییە، تەنها درەنگ فێری شت دەبێت. ئیان دەڵێت خۆشحاڵم کە کوڕەکەی من دەبەنگ نییە. قسەکانی ئیان بۆ کەیت، زیاتر هێرش و تانەیە نەك گفتوگۆ. ئەو سووکایەتی بە هەموو کەس دەکات، تەنانەت بە کوڕەکەی خۆیشی. دایکی کوڕەکەی بە جادوگەر ناودەبات و دەڵێت منی بەجێهێشت چوونکە بەدڕەوشت بوو.

کەیت بەپێچەوانەوە، دڵپاك و سادەیە، هاوڕێی پەناهەندەکانە و هەموو مرۆڤ هاوبەها دەبینێت. کەیت بێکارە، لە گفتوگۆیەکدا دەربارەی ئیش، ئیان پێیدەڵێت تۆ کار وەرناگریت، چوونکە وەك براکەت دەبەنگیت. کە ئیان بە قسە ئازاری کەیت دەدات، کەیت دەپەشۆکێت، زمانی دەیگرێت و ناتوانێت وەڵام بداتەوە.

ئیان وەك ڕۆژنامەنووس کاردەکات و لەوەشدەچێت کاری سیخوڕی بۆ دەستگایەکی سیاسی بکات. لە دیمەنێکدا تەلەفۆنی بۆ دێت، دەفتەری تیبینییەکانی دەردەهێنێت، لیستەیەك تاوانی وەحشیگەرانە و کوشتار لەلایەن بکوژێکی زنجیرەییەوە دەخوێنێتەوە. لەو پەیوەندییە تەلەفۆنییەدا، ئیان تۆنی دەنگی جیاوازترە، چیتر دەنگی زاڵ و زوڵاڵ نییە. پێدەچێت ئەو کەسەی قسەی لەگەڵ دەکات، پلەباڵاتر بێت. لەوەشدەچێت بترسێت یان خەمخۆری کارەکەی بێت، چوونکە ڕاپۆرتەکە زۆر ورد دەخوێنێتەوە، تەنانەت فاریزە، خاڵ، کەوانە و نیشانەی سەرسوڕمانیش ناودەبات. جۆری زمانەکەی لێرەدا بۆئەوەیە ئەوە پیشان بدرێت، لەو دۆخەدا کەمدەسەڵاتە و لاواز هەست بە خۆی دەکات.

ئیان و کەیت جلی ئاسایی ڕۆژانەیان لەبەردایە، بەڵام جلەکانیان هەندێکجار بۆ گوزارشتکردن لە پرسی توندوتیژی دەگونجێن. ئیان قاتێکی ڕەشی لەبەردایە. کەیت بلوس و پانتۆڵێکی سپی پۆشیوە. ئیان قەشمەری بە جلەکانی کەیت دەکات و دەڵێت، حەزم لە جلەکانت نییە. کەیت لە وەڵامدا دەڵێت منیش حەزم لە جلەکانی تۆ نییە. ئیان یەکڕاست جلەکانی خۆی دادەکەنێت و داوا لە کەیت دەکات بۆی بمژێت. کەیت دەداتە قاقای پێکەنین، ئیان تەریق دەبێتەوە، جلەکانی دەکاتەوە بەری. دەکرێت لێکدانەوەمان بۆ جلەکانی کەیت ڕەنگدانەوەی پاکی و سادەیی بێت. جلەکانی ئیانیش دەشێت گوزارشت لە خۆبەشتزانی و ئاڵۆزیی کەسایەتی بکات. کاتێکیش کەیت لە دیمەنێکدا چاکەتەکەی ئیان دەدڕێنێت، تووڕەیی و ناڕەزایەتی خۆی دەردەبڕێت. سەرەڕای هەموو بەدڕەفتارییەکی ئیان، کەیت لە وەڵامدا تەنها چاکەتەکەی دەدڕێنێت، وەك ئەوەی توانای توندوتیژینواندنی بەرامبەر بە مرۆڤ نەبێت.

زمانی جەستە کاریگەری زۆری هەیە لە نمایشەکەدا. کاتێك ئیان و کەیت دەمەدەم دەکەن، ئیان چەند جارێك پیایدەکێشێت، بە سووکی دەکێشێت بە سەریدا، یاخود سووکە شەقێکی تێهەڵدەدات. پیاکێشانەکان قایم نین، بەڵام وەك پیشاندانی ڕەفتاری نالەبار، پەیوەندی نێوان توندوتیژی گۆبیستی و زمانی جەستە دەردەخات. بەهەمان شێوە، زمانی جەستەی کەیتیش ئاوێنەدانەوەی ڕۆڵ و کەسێتییەتی. کاتێك ئیان شەڕانگێز دەبێت، کەیت هەوڵدەدات خۆی دووربگرێت، بەڵام کاتێك ئیان باسی بابەتی هەستیار و نەخۆشییەکەی دەکات، کەیت نەرم دەبێت و نزیکی دەبێتەوە.

کارەکتەرەکان ڕاستەوخۆ سەیری چاوی بینەر ناکەن، بۆیە بینەر زۆر هەست بە ڕاستی ڕووداوەکان ناکات. بەوەشەوە کە زنجیرەی توندوتیژییەکان پێویستن و زیادەڕەویان پێوە نییە، هەندێکجار نمایشەکە وا دەردەکەوێت کە لە وێنەی نزیکی ڕۆڵەکانی کەم بێت، چوونکە بینەر هەستدەکات سەرنجی نمایشەکە زیاتر لەسەر ڕووەداوە ڕەقەکانی بەسەرهاتەکە بێت نەك کەسایەتییەکان.

نواندنی توندوتیژییەکان لە بەرجەستەکردندا لەسەر ستەیج ڕوونترن، بەهۆی دیالۆگ و نمایشی کارەکتەرەکانەوە لە بەسەرهاتەکاندا. دیدگەی ئیان بۆ ژن، بۆچوونە نەژادپەرستانەکانی و ترسی لە هۆمۆکان لەڕێی زمانی کینەوە گوزارشت دەکرێت. بەردەوامیی توندوتیژی گۆبیستی لە سەرەتاوە تا کۆتایی نمایشەکە، ئەوە دەردەخات کە وشە و تۆن باڵادەستترین ڕەهەندن لە شانۆدا. توندوتیژی گۆبیستی لەنێوان هەموو کارەکتەرەکاندا ڕوودەدات، بە تانە، لێکەمکردنەوە، هەڕەشە و گوزارشتی بریندارکەر. ئەمە بەتایبەت لە کارەکتەری ئیاندا مۆرکدارە کە بەردەوام لێدوانەکانی پڕن لە هەڵاواردن.

ئەمە ئەو زمانی کینەیەیە کە نێڤیت وەك فۆرمێکی توندوتیژی باسیدەکات و دەڵێت شەرعیەتی خۆی لە سیاقێکی مێژوویەوە دەهێنێت[22].

خراپ باسکردنی ژن و هاوڕەگەزخوازەکان لەلایەن ئیانەوە، زمانی دیالۆگ و دانووستان نییە، بەڵکوو ئامرازێکی سەرەکی دەسەڵاتە. دەکرێت ئیان وەك نموونەیەکی پیاوسالار ببینین کە دەیەوێت فەرمانڕەوایی بکات. ئەو دەسەڵاتە نایەکسانە ناهاوسەنگەی لەنێوان پیاو بەرامبەر بە ژن و زۆردار بەرامبەر بە قوربانیدا هەیە، بەڕوونی لە پەیوەندی کەیت و ئیاندا دەبینرێت. ئیان هەموو هەلێك دەقۆزێتەوە بۆئەوەی نەریتی باڵادەستی خۆی پیشانبدات بەرامبەر بە کەیت، بەوەی گاڵتەی پێبکات و بیشکێنێت. ئەمانە وەك توندوتیژی دەروونی و هەستەکی کاریگەری نەرێنیان لەسەر کەیت هەیە. شێوازە جیاوازەکانی ئیان بۆ لێکەمکردنەوەی کەیت، بۆنموونە کە دەڵێت بێتوانا و دەبەنگیت، دەکرێت ببەسترێتەوە بە پێداویستییەکانی کۆنترۆڵی دەسەڵاتەوە کە لەسەر بناغەی ئایدۆلۆژی دەربارەی ڕۆڵی ڕەگەزی نەریتییانە، ژن لە گرێی کەمێتیدا دەهێڵێتەوە. هاوکات ئیان نموونەی پیاوی سپییە لە بەرامبەر ڕەشپێست و سەرڕەشدا، خاوەن ناسنامەیە لە بەرامبەر پەناهەندە و بێناسنامەدا، ئەمانە وادەکەن نمایشەکە ڕۆشنایی بخاتە سەر دیدگەی زۆرینە زاڵەکە بەرامبەر بە کەمینە، لەناو چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا.

وێنەی ئیان وەك کارەکتەرێکی دڵڕەق و درندە، دەکرێت ببەسترێتەوە بە تایبەتمەندی نێرسالارییەوە، لەکاتێکدا کەیت بەرجەستەی تایبەتمەندی لاوازەکان دەکات لە چوارچێوەی بنیاتی بیرۆکەی کولتوری و کۆمەڵایەتیدا، سەبارەت بە کەمدەسەڵاتی مێ و زێدەنەرمی و بێچارەیی. نموونە ئەو دیمەنانەیە کە کەیت لە دۆخە دژوارەکاندا دەبوورێتەوە، لەبری ئەوەی لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێت و بەرەنگاربێتەوە. وەکتر دەتوانین بڵێین ئیان کە شەڕانگێز و بێباوەڕە، گوزارشت لە بەدی دەکات لەڕێی کردەوە خراپەکانییەوە. وەلێ کەیت کە باش و بێتاوانە، بەدرێژایی نمایشەکە تایبەتمەندێتییەکانی لەڕێی باوەڕداری بە دینەوە بەرجەستەدەکات. لەو دیمەنەدا کە بە منداڵێکەوە دێتەوە لە باوەشیدا، دەڵێی مەریەمی پاکیزەیە بە عیسای کۆرپەوە. ئەم دیمەنانە وەك ئاسانکاری لە بەرجەستەکردن و گەیاندنی پەیامدا گرنگن، چوون یارمەتی لێکدانەوە و تێگەیشتنی بینەر دەدەن.

لە شانۆگەرییەکەدا زاڵێتی پیاوێتی و ئایدۆلۆژیای ڕۆڵی ڕەگەزیی نەریتیانە، بە نواندنی توندوتیژی فیزیکی و سێکسی مانیفێست دەکرێت. لەو دیمەنەدا کە دوای شەڕێك، کەیت دەکەوێت و دەبوورێتەوە، ئیان شەقی لێدەدات و لەکاتێکدا کەیت بێهۆشە، وەحشیانە دەستدرێژی دەکاتە سەر، وەك  نێڤیت دەڵێت، بینەر لە دیمەنی دەستدرێژی سەر ستەیجدا ناژی وەك کۆنسێپتێکی ئەبستراکت، بەڵکوو  شایەتحاڵی ڕووداوەکە دەبێت بە جەستەی ڕاستییەوە، لە کردەی پەلامار و قوربانیدا. بەڵام بەوپێیەی کە بینەر بەئاگایە لەوەی ئەم جەستانە هی ئەکتەرن و ڕووداوەکە پەلامارێکی ڕاستی نییە، دەتوانن ئاسایی سەیربکەن. لەبەرامبەر ئەوەدا، کۆنسێپتی بەرجەستەکردنی دیمەنەکە، هەر تێگەیشتنێکی لەپشتەوە بێت، کاریگەری خۆی دەبێت[23].واتە ئەگەرچی بشزانین دیمەنی دەستدرێژییەکەی ئیان بۆ سەر کەیت نواندنە، کاریگەرییەکەی بیرۆکەمان دەربارەی هاوشێوەی ئەم پەلامار و ڕووداوە دڕندانانە دەداتێ. پەیوەستکردنی ئەم دیمەنانە بە کۆنسێپتی توندوتیژی و ئایدۆلۆژیاوە، گوزارشت لە بەئامرازکردن و ناهاوسەنگی داینامیکی دەسەڵات دەکات. وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، تێمای دەسەڵات بەسەر هەموو کارەکەدا دیارە لە پەیوەندی بە توندوتیژییەوە. نێڤیت گووتەنیش توندوتیژی زۆرشتمان دەربارەی ئەو کولتورە پێدەڵێت کە بەرهەمی دەهێنێت، وەك چۆن پێشکەشکردنەکە ئاماژەدانە بەو دەسەڵاتانەی کە توندوتیژیان لەسەر وەستاوە و خستنەڕووی ئەو ئاکار و بەهایانەشە کە بە دەسەڵاتەوە بەستراون.

هاوکاتیش نمایشکردنەکە پیشاندانی پێوەرە کۆمەڵایەتییە هەنووکەییەکانی کۆمەڵگەیە [24].لێرەوە دەتوانین وەك نمایشی کولتوری و کۆمەڵایەتی لە دیمەنی توندوتیژییە بینراوەکان و نەبینراوەکان وردبینەوە و لێکیانبدەینەوە، دەکرێت مەزنەی ئەوە بکەین ئاخۆ پیاو دەسەڵاتدارە بەسەر ژندا یاخود بەسەر جەستەی ژندا. چوون وەك پەیوەندی نێوان دەسەڵات و جۆرەکانی توندوتیژی، کردەی دەستدرێژیش پەیڕەوکردنی دەسەڵاتە بەرامبەر بە بێدەسەڵاتی. سەبارەت بە سێکس و دەسەڵات و ڕەگەز، نێڤیت دەڵێت وێنەی پیاوێك کە پەلاماری ژنێك دەدات، باس لە دەسەڵاتی پیاو دەکات بەسەر جەستەی ژندا، لەوێدا دەسەڵات ڕێك گرێدراوە بە سێکسەوە [25].بەمپێیە جێندەر بڕیاردەرە لە هۆکاری پراکتیزەکردنی توندوتیژیدا.

نێڤیت ئاماژە بەوەش دەدات کە نواندنی پەیوەندییە دەسەڵاتییەکان لە شانۆدا، دووبارە کردنەوە و گەواهیدان و بەرەنگاربوونەوەیانن بەپێی پێوەرە هەنووکەییەکان. پاشان دەڵێت نواندنی دەستدرێژی دەکرێت وەك زەمانی کینە کاربکات، واتە دەشێت ئاماژەدان بێت بە سیاقی مێژوویی، کە تیایدا پیاو لە دۆخی دەسەڵاتدارێدایە و پەلاماری ژن دەدات دژ بە ویستی خۆی. بۆیە لە نمایشدا بەرهەمهێنەر و ئەکتەر بەرپرسن لەوەی وێنەکە وا بگەیەنن کە ئامانجی بەسەرهاتەکە بپێکێت، بەبێ ئەوەی هاریکاری بیرۆکەکە بکات بەوەی سروشتی ئەنجامدەر بکاتە دەسەڵاتداری بەهێز و قوربانی بکاتە بێدەسەڵاتی لاواز. گرنگە وێنەکە لایەنگری ئەوە نەبێت کە جیهانی نێوان ژن و پیاو بەو شێوە نادادپەروەرانەیە ئاسایی بکاتەوە و دۆخەکە بکاتە جێگای تێگەیشتن لە ئاست دەسەڵاتدار و بێدەسەڵاتدا[26].

لەسەرەوە گفتوگۆی لاسەنگی دەسەڵاتی هێترۆسێکسوالم کرد لە پەیوەندی بە توندوتیژییەوە، کە لەسەر ڕۆڵە ڕەگەزییە نەریتییەکان وەستاوە و کولتوری کۆمەڵایەتی گەواهی بوونیان دەدات.

جگە لەوە، دیمەنی دەستدرێژیکردنە سەر ئیان لەلایەن سەربازەکەوە، لە فۆڕمی هۆمۆسێکسوالدا، لادانی دەسەڵاتێك پیشان دەدات کە پەیوەندیدارە بە پرسی جێندەرەوە.

هەڵبژاردنی دوو جۆر دەستدرێژی لە کارێکدا، لەلایەن (کەین)ەوە، دەکرێت وا لێکبدرێتەوە کە ئەو ئاگایانە مەبەستی ئەوە نییە تەنها بیرۆکە کولتورییەکان دەربارەی دەسەڵاتە داینامیکی و ناهاوسەنگەکانی نێوان ژن و پیاو تۆخ بکاتەوە و ئاماژەیان پێبدات. ئەو نەیویستووە لە ئەزموونی ژنێتییەوە بنووسێت، بەڵکوو لە ئەزموونی مرۆڤایەتییەوە دەربارەی جیهانی نووسیوە. لەڕێی ئەوەشەوە کە باس لە دەستدرێژی نێوان پیاوانیش دەکات، ڕووبەڕووی کۆنسێپتی چاوەڕواننکراومان دەکاتەوە لە پراکتیزەکردنی دەسەڵاتدا لە پەیوەندی بە سێکسوالیتە و جێندەرەوە. هەروەها وەك تەحەداکردن، ڕووناکی دەخاتە سەر قێزەونترین جۆرەکانی توندوتیژی، شتانێك دەخاتە بەرچاو کە بە خەیاڵی بینەردا نایەن، وەك ئەوەی کە ئیان لە لاشەی منداڵەکە دەخوات، یان کە سەربازەکە پەلاماری ئیان دەدات، پێش ئەوەی خۆی بکوژێت، هەردوو چاوی ئیان دەمژێت و دەیانخوات! ئەم دیمەنانە ئێجگار دڕندانە، سامناك و ناسروشتین و دەچنە قاڵبی کانیباڵیزمی سوریالییەوە. بەمجۆرە، توندوتیژی لە نمایشەکەدا لەوپەڕی دڕندەییدا، سنووری ئاسایی و باوەکان دەبەزێنێت. دەتوانین ئەم ڕووداوە لەپڕانە وەك شێوازێك بۆ نمایشی هەنووکەیی لەمەڕ دەسەڵات و جێندەر و سێکسوالیتە لای بینەر لێکبدەینەوە. بەوەی لەڕێی شۆککردنی بینەرەوە، بە تێپەڕاندنی ئەو ئەگەرانەی کە بە خەیاڵدا دێت، هەوڵبدرێت ڕووداوە چاوەڕواننەکراوەکان زیاتر بیر بوروژێنن و بەسەرهاتەکان بخرێنە ژێر پرسیارەوە.

پاشانیش ئەوەی کە خوێن لێهاتنی چاوی ئیان واقیعییە و بە درێژایی نمایشەکە دەموچاوی خوێناوی دەبێت، بەرداشتێکی بەهێز لە بیری بینەردا بەجێدەهێڵێت. زۆر لە دراماکاران و نووسەرانی هاوسەردەمی کەین پێیانوایە بەرجەستەکردنی ئەم توندوتیژیانە لەسەر تەختەی شانۆ، بۆ ئەوەیە بینەر بەدوای بەرلێگرتن و چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتییەکاندا وێڵ بێت، نەوەك تەنها هاوسۆزییان لەبەرانبەردا بۆ دروستببێت [27].

سارا کەین خۆی مەبەستی بووە شێوازێکی وروژێنەری بەهێز بدۆزێتەوە کە هەستیاری و هۆشمەندی بخاتە کار و کاردانەوەوە، ئەگەرچی کاردانەوەکان ناخۆش و بەئازاریش بن. کاتێك ئەم نمایشە بۆ یەکەم جار لە لەندەن پێشکەشکراوە، چەند بینەرێك خۆیان پێنەگیراوە و چوونەتە دەرەوە، بەهۆی زۆری ئەو توندوتیژییەوە کە تیایدایە. دواتر کەین گووتویەتی من ئەمەم چاوەڕوان دەکرد، ئەگەر کەس نەچوایەتە دەرەوە، هەستم دەکرد شتێك لەجێی خۆی نییە. هەروەها گووتویەتی لەو ڕۆژانی نمایشانەدا کە کەس نەچووەتە دەرەوە، پەیوەستی بیری و ڕۆحی لە ئاستێکی کەمدا بووە، واتە ئەو ڕۆژانە بینەر توانیویەتی بەتەواوی خۆی جیابکاتەوە لەوەی کە لەبەردەمیدا ڕوودەدات[28].

هەموو توندوتیژییەکان لە نمایشەکەدا لەلایەن ئەو کەسانەوە ئەنجام دەدرێن کە زۆرترین کۆنترۆڵیان هەیە لە دۆخەکاندا. وەك پێشتر باسکرا، ئەمە پەیوەستە بە هۆکار و بەوەی لەپشت ئایدۆلۆژیاوە هەیە سەبارەت بە باڵادەستیی وەك ئامرازی دەسەڵات. لە دیمەنەکانی نێوان سەربازەکە و ئیاندا ئاشکرایە کێ دەسەڵاتدارە. لە شوێنێکدا سەربازەکە فەرمان بە ئیان دەکات و دەڵێت "جگەرەیەکم بدەرێ" ئیان پێدەکەنێت و دەپرسێت بۆچی؟ سەربازەکە دەڵێت "چوونکە من دەمانچەم پێیە و تۆ نا" سەربازەکە بەمە هەڕەشە دەکات و ئاماژە دەدات کە ئەو دەسەڵاتی هەیە، نەك ئیان. لەڕێی ئەو دەسەڵاتەوە ئیان لەژێر هەڕەشەی توندوتیژیدایە، چوونکە ئیان لەویادا لە دۆخی بێدەسەڵاتیدایە.

## دەرئەنجام

دیارە دەرئەنجامەکان زیاتر لە شیکارییەکاندان، وەك لێکۆڵینەوەکە دەریخست، شانۆگەری (تەقینەوەکان) لە ڕووانگەی کات و شوێن و بەرجەستەکردنەوە، نواندنێکی ڕەنگجودای توندوتیژی و ئازارچەشتن لە ڕووی شانۆیی و ئیستاتیکاوە پێشکەش دەکات. بەدەر لە نمایشی دیمەنە واقیعییەکان، توندوتیژی بە هێمایی و مێتافۆریش نواندنی بۆ کراوە و خەسڵەتە ئیستاتیکییەکان بابەتی توندڕەوی و ناسۆریان بەهێزتر خستۆتەڕوو. کارەکە لە پەلهاویشتنی ستەمی گۆبیستی و دەروونییەوە تا زەبری فیزیکی و سێکسوالی و گیرسانەوە لە مەیدانی جەنگدا، ئاماژە بە دیاردە گرفتاوییە کۆمەڵایەتییەکان، کێشە کەسەییەکان و ئەو لاوازییانەش دەدات کە کارەکتەرەکان لەگەڵ خودی خۆیاندا هەیانە. لە میانەی گرفتەکانەوە، لە ناکۆکی سیاسی، زۆرینە و کەمینە، چینایەتی و جەنگ دواین و تاووتوێی پرسیارگەلێکمان کرد سەبارەت بە کولتور، نەژاد، ناسنامە، نۆرم، ناسیۆنالیزم، نیشتیمانپەروەری، جێندەر، سێکسوالیتە، نایەکسانی و پیاوسالاری.

هەروەها دەربارەی بوون و مرۆڤایەتی، لە زۆر باسی هەستیار دواین لەمەڕ دەروون، برین، ترس، ژان، کینە، تەنهایی، مەرگ، خۆشەویستی و ژیان. لەگەڵ ئەزموونکردنی ئازاردا گۆڕانی کەسایەتییەکانمان بینی لە نەرمەوە بۆ ڕەق و لە ڕەقەوە  بۆ نەرم. لە ڕۆڵی ڕەگەز و زاڵێتی و بەکاڵاکردنی جەستەی مێیینە ڕامایین و بینیمان کارەکتەرەکان چۆن تایبەتمەندی یەکڕەنگ بەرجەستە دەکەن کاتێك کۆمەڵگە و کولتور دەبەسترێتەوە بە پیاوێتی و ژنێتییەوە. هەروەکچۆن لەگەڵ جیاکردنەوەی جۆرەکانی توندوتیژیدا زانیمان کە هەر جۆرێکیان بە بوونی دەسەڵات بەرامبەر بە بێدەسەڵاتی پیادە دەکرێن و گفتوگۆی ئەوەمانکرد نواندنەکە چۆن باس لەو ئایدۆلۆژیایانە دەکات کە دەسەڵاتیان لەسەر وەستاوە و بەرەنگاریشیان دەبێتەوە ...

هەڵبەت دەکرێت شانۆگەرییەکە لێکدانەوەی جیاواز و زیاتری بۆ بکرێت، نمایشەکە بەگشتی ئەزموونێکی تایبەت و بەئازارە، چوون پڕە لە بابەتی هەستیار و سنووردار نییە بۆ کەسێك بیریان لێ بکاتەوە و لێیانبکۆڵێتەوە. پێویستە جەخت لەوەش بکەینەوە کە هەموو ڕووانگە و ڕەهەندە پێکهێنەرەکانی کارەکە، تێکهەڵکێشن و تەواوی هێڵەکان بۆ ئەوەن نموونەکان زیاتر وردبکەینەوە، هەرچەندە هێڵەکان بە سانایی لێك جیا ناکرێنەوە، چوونکە وەك بینیمان، دەسەڵات و ئایدۆلۆژیا و توندوتیژی پەیوەندییەکی بەهێزیان پێکەوە هەیە. بەدەر لە هەموو ئەو پرس و پەیامانەش کە بەرهەمەکە هەڵگرییەتی و نوێنەرایەتیان دەکات، پوختەی کاریگەریی بەسەرهاتەکە ئەوەیە؛ لە (تەقینەوەکان)دا واقیعی ناوەوە و دەرەوە پێکدەگەن، لەوێدا گۆڕەپانی جەنگ و شەڕگەی ناخی مرۆڤ دەبن بە یەك...

## دوالێدوان

زۆرکەس کارەکانی (کەین) بە توندوتیژییەکانییەوە تەواو تاریك دەبینن، بەڵام من لەکاتی کارکردنم تێیاندا، دەمتوانی ڕووناکیشیان تێدا ببینم، لەو ڕووانگەیەوە کە بەرهەمەکان ئەوەندەی هاوارن بۆ بەهاناوەچوون، ئەوەندە زریکەی نائومێدی نین. وەکتر لەکاتی خوێندنەوە و تەماشاکردن و شیکاری (تەقینەوەکان)دا، مەزەنەی زۆربەی ڕووداوەکانم لە کوردستان کردووە، ئاشکرایە بارودۆخی دەروونی بیماری تاك و کۆ و ئەزموونی جەنگە دەرەکی و ناوخۆییەکانی کۆمەڵگەی کوردی، لە وێرانی کۆمەڵگە و جەنگی بۆسنە و هێرسك کەمتر نەبووە. ئەمە تایبەتمەندییەکی بنچینەیی بەرهەمەکانی سارا کەینە کە لە هەر لایەکەوە بتوانرێت دەوروبەر لە ڕووداو و دیمەنەکاندا ببینرێتەوە.

لە کۆتاییدا دەمەوێت بڵێم کاتێك هونەری شانۆ زۆر زیاترە لەوەی تەنها بۆ چێژ و سەرگەرمی بێت، گرنگە گفتوگۆی دۆزی توندوتیژی بکات، ستەیج وەك گۆڕەپانێك دەرفەت دەداتە بەرهەمهێنەر و بینەر و توێژەر تا ڕووداوە ڕاستی و نمایشکراوەکان شەنوکەو بکەن. بەمجۆرە تێڕامان لە توندوتیژی، لەکاتێکدا زۆرترین هەستی ناخۆشمان پێدەبەخشێت، پڕمانا و بەرپرسیارێتی دەبێت، بۆیەش گرنگە بزانین چۆن توندوتیژی پێشکەش بکەین و لە چۆنێتی گەیشتن و تێگەیشتنی هۆشیار بین، تاوەکوو یاریدەدەری لێکدانەوە و کاردانەوەی دروست بین. دواجاریش نمایشی توندوتیژی زەنگێکە پێمان دەڵێت (لە شوێنێك ئەمە ڕوودەدات)، ناکرێت ئێمە لێی بێدەنگ بین...

سەرچاوەکان

کتێب:

DE VOS, LAUREN & SAUNDERS GRAHAMS ANTOLOG. *SARAH KANE IN CONTEXT.* (MANCHESTER: UNIVERSITY PRESS 2011)

KANE, SARAH, *SARAH KANE COMPLETE PLAYS*, RED. DAVID GREIG, (LONDON: METHUEN DRAMA 2001)

LOMAN, RIKARD, *DRAMA- OCH FÖRESTÄLLNINGSANALYS.* (LUND: STUDENTLITTERATUR AB 2016)

MÅRSELL, MARIA, *TALET OCH TYSTNADEN: EN STUDIE AV SAMHÄLLSSTRUKTUR I SARAH KANES PHAEDRA´S LOVE* (2007)

MÅRSELL, MARIA, *I GO TO ELLAND ROAD SOMETIMES. WOULD YOU BOMB ME?" EN GENEALOGISK NÄRLÄSNING AV VILLKOREN FÖR ÖVERLEVNAD OCH SUBJEKTIVITET I SARAH KANES BLASTED* (2008)

NEVITT, LUCY, *THEATRE & VIOLENCE*. (BASINGSTOKE: PALGRAVE 2013)

PANKRATZ, ANNETTE,"NEITHER HERE NOR THERE: THEATRICAL SPACE IN KANE'S WORK", *SARAH KANE IN CONTEXT* RED. DE VOS LAUREN, SAUNDERS GRAHAM, (MANCHESTER: UNIVERSITY PRESS 2011)

SAUNDERS, GRAHAM, *LOVE ME OR KILL ME': SARAH KANE AND THE THEATRE OF EXTREMES* (MANCHESTER: UNIVERSITY PRESS 2002)

SIERZ, ALEKS,"LOOKS LIKE THERE'S A WAR ON: SARAH KANE'S BLASTED, POLITICAL THEATRE AND THE MUSLIM OTHER", *SARAH KANE IN CONTEXT* RED. LAUREN DE VOS, GRAHAM SAUNDERS, (MANCHESTER: UNIVERSITY PRESS 2011)

نمایش:

KANE SARAH, *BOMBAD*, DRAMATEN DVD, REGI AV STEFAN LARSSON, 2006

[1] DAVID GREIG,"INTRODUCTION"; *SARAH KANE'S COMPLETE PLAYS,* (LONDON 2001).

[2] IBID.

[3] NEVITT, *THEATRE & VIOLENCE*, (LUCY BASINSTOKE 2013), P. 23F.

[4] NEVITT, P. 4.

[5] IBID.

[6] IBID, P.30.

[7] IBID, P. 63FF.

[8] IBID, P.23.

[9] IBID, P.29.

[10] IBID, P. 60.

[11] IBID, P. 11.

[12] IBID, P. 37.

[13] RIKARD LOMAN, *DRAMA- OCH FÖRESTÄLLNINGSANALYS,* (LUND 2016), P.177.

[14] IBID, P. 180FF.

[15] GRAHAM, SAUNDERS, *LOVE ME OR KILL ME': SARAH KANE AND THE THEATRE …*, (MANCHESTER 2002), P. 141.

[16] DE VOS & SAUNDERS, 2011.

[17] ALEKS SIERZ,"LOOKS LIKE THERE'S A WAR ON: SARAH KANE'S BLASTED, POLITICAL THEATRE AND THE MUSLIM OTHER", *SARAH KANE IN CONTEXT* RED. LAUREN DE VOS, GRAHAM SAUNDERS, (MANCHESTER 2011), P.4

[18] SAUNDERS, P. 51.

[19] SAUNDERS, P. 20.

[20] IBID, P. 41.

[21] DE VOS & SAUNDERS, 2011.

[22] NEVITT, P. 30.

[23] IBID, P. 33.

[24] IBID, P. 29.

[25] IBID, P. 33.

[26] IBID, P. 33.

[27] SAUNDERS, P. 10.

[28] IBID, P. 14.

زستانی ٢٠١٩